حاکم قادر: بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ چارەسەری قەیرانی موچە لە هەرێم بڕیارێکی گرنگە و لەبەرژەوەندی موچەخۆرانە

حاکم قادر حەمەجان ڕایگەیاند، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ چارەسەری قەیرانی موچە لە هەرێم بڕیارێکی گرنگە و لەبەرژەوەندی موچەخۆرانە، بەتایبەت لەوە گرنگتر ئەوەیە کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە بکرێت، نەك هەرێم و عێراق هەریەکە و تێپەکە هەڵبدەنە گۆڕەپانی یەکدییەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنەکەی، ئەمڕۆ حاکم قادر حەمەجان بەشداری لە سیمینارێکی یاسایی کرد کە بۆ پارێزەران و خوێندکاران و لاوان و گەنجان سازکرابو و ڕایگەیاند، "جێبەجێکردنی یاسا بەدادپەروەری بەسەر هەموواندا زامنی تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ئێستای هەرێمی کوردستانە، بە پێچەوانەوە دەستوەردان و جێبەجێنەکردنی یاسا و نادادپەروەری لە جێبەجێکردنی یاساکاندا وا دەکات قەیرانی گەورەتر لە هەرێم دروست بێت".

سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەسەر پرسی موچە، حاکم قادر باسی لەوەکرد، "بڕیارەکە لە بەرژەوەندی موچەخۆرانی هەرێمە و وادەکات کە قەیرانی موچە لە

بنەڵەتەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام لەوە گرنگتر ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکەیە و ناکرێت پرسی کردنەوەی هەژماری بانکی لە ماوەی مانگێکدا بخرێتە ئەستۆی هەرێم، کە بە وتەی شارەزایانی بوارەکە ئەو پرسە ماوەی درێژتری پێویستە، بۆیە ئەگەر هەنگاوێکی لەو شێوەیەش بنرێت، پێویستە هەرێم و بەغدا پێکەوە ڕێکارێکی خێرا بۆ چارەسەری ئەو پرسە بدۆزنەوە، کە هەرچەندێك بێت گرفت بۆ موچەی موچەخێرانی هەرێم دروست نەبێت".

حاکم قادر وتیشی، "ئەم هەڵومەرجەی هاوپەیمانان و دەستەکانمان بۆیان ڕەخساندوین نابێت لەدەستی بدەین و کاربکەین بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانمان، ئەوەش بە پارێگاریکردن دەبێت لە ئازادی و دیموکراسی لە هەرێم".

حاکم قادر باسی لە هەڵبژاردنەکان کرد و ڕونیکردەوە، "ناکرێت و قبوڵکراو نابێت کە لەوە زیاتر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و شارەوانییەکان دوابخرێن و پێویستە سەر لەنوێ دامەزراوەکانی هەرێم بەهێزبکرێنەوە و متمانەی خەڵك وەربگرنەوە و دواتریش بە خێرایی کار بۆئەوە بکرێت هەرێم ببێتە خاوەنی دەستورێکی مۆدێرن، کە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی بنچینەکەی پێکبهێنن".